زمان کە چۆ نیو سیاسەت زۆر سنوری ورد هەنە دەبیّ نەیانپەڕیّنیّ
و بە وشەی تایبەت لەئاقاریان کەویّ. هیّندیّک وشە هەنە دەبیّ
هیّندەی خۆیان بە ڕونی دەرببڕیّن و هەندەک وشەی تریش پتر لە
خۆیان بە ڕوونتری بهیّنە سەر زمان و دەربڕینی.
تیّکەلاّوکردنی زمانی گفتوگۆ و زمانی پەیام و زمانی دانوساندنیّ و
زمانی چاوپیّکەوتنان یەکە لەو هەلّدیّرانە زمان کە زمانی
سیاسیەکان تیّیدەکەویّ. چونکە دەمی و اهەیە سیاسییەک
چاوپیکەوتنیّکی رۆژنامەنوسی دەگەلّ دەکریّ لیّ بە زمانی پەیام
دانیّ دەدویّ و زمانەکەی هیّندە مەیوە کە کرۆکی بابەتیّکی گرنگ
لەدەست دەدا.
زمان خەسلّەتگەلیّکی هەن مرۆ لەهەر پلە و پایەیەک دابیّ نابیّ لیّیان
خافلّ ببیّ
و زمانی هەلّباوسیّ بە شتگەلیّکی دوور لە زانستی سیاسی و ئەزموونی
سیاسی، زمانی سیاسیی نەتەوە بندەستەکان زمانیّکە هەلاّوساو و بە
شانازی و بە خۆ هەلّکیشان بە وتنەوەی وتەی فەیلەسوف و زانا
ناودارەکان .
کاتیّک بەقوولّی لەزمانی سیاسی کورد دەفکرین هەست دەکەین بە
دەگمەن نەبیّ کەسایەتییەک هەلّنەکەوتووە کە خودان زمانیّکی
سیاسی تایبەت بە خۆی بیّ و شارەزایی تەواوی لەزمان وەشانیّدا
هەبیّ و توانیبیّتی دەگەلّ هەر شان، نیّردراو. کەسایەتیەکی سیاسی،
سەرۆک دەولّەتیّک زمانیّکی جیاواز، تایبەتی هەبووبیّ و ئەو وشە و
دەستەواژانەی بیّژتبن کە لە سەرچاوەیەکی قوولّی باوەڕ بەخۆ
بوونەوە هەلّقوولاّبن، چونکە شارەزا سیاسیی و دیبلۆماسانی دەولّەتە
پیّشکەوتووەکان هیّندە کارامەن لە کاری خۆیان کە مرۆ زمان هەلّیّنیّ
دەزانن کەسایەتی سیاسییان بایی چەندە و چەند شارەزان لە زمانیان
ڕا تیّدەگەن چەندەی باوەڕیان بە خۆ هەیە. لەبۆیە بەر لە هەر
هەنگاویّکیان لیّکۆلینەوەی تەواو لەسەر زمانی ئەو سەرکردانە دەکەن
کە جلّەوی سیاسیی نەتەوەیەکیان بەدەستەوەیە و پاشان بڕیار لەسەر
پەیوەندی و گۆڕانکارییەک دەدەن لەگەلّیان و بەرامبەریان.

